### شێرزاد حەسەن، بۆ "ڕەخنەی چاودێر":

# غاندی مامۆستای یەکەمم بوو کە تا هەنووکە وای لێکردووم گومان لەئینسانبوونی خۆم بکەم، ئەو پیاوەی کە بەسادەترین دەزگای جۆلاییو شیری بزنەکەی، توانی دەستبەرداری هەموو خۆشیو هێزو دەسەڵاتێک بوو

سازدانی: ئاسۆ هاشم
بەشی پێنجەم

من یادم چوو بگەڕێمەوە لای ئەو وێنەیەی کە دوورترین و کاڵترین یادەوەرییە بۆمن. رۆژێک بوو لەرۆژە بەتاڵ و شپرزەو تاڵەکانی منداڵی، چێشتەنگاوێک.. بەپەلە دایکم پشیلە شۆری کردم و بەشانەیەکی دار قژی داهێنام، کورتەک و شەرواڵێکی لەیەکێک لەدەرو دراوسێکان قەرزکرد، گەرچی خۆم گزگلو چکۆلە بووم، بەڵام بەزۆر وەک تۆپەڵە گۆشتو ئێسقانێک بم منیان ئاخنییە ناو ئەو کورتەکو شەڕواڵە کە بۆ من بچووک بوو، خێراو پەلەتر منیان فڕاند، لەتەک پوورێکم کە پێنج شەش ساڵێک لەمن گەورەتر بوو، هاوڕێ لەگەڵ شوکری خوشکم کە بەساڵێک لەمن منداڵتر بوو، درەنگتر کە گەورە بووم زانیم کە دایکم بەپەلەو شێتانە من و پوورم و خوشکەکەمی هەڵفڕاند بۆ بن قەڵا، ڕێک بەردەم چاپخانەکەی (گیوی موکریانی). ئامانج لەوە ڕەسمگرتنی هەمووومان بوو تاوەکو بیگەیەننە دەست ئەو ئافرەتەی گوایە لەرواندز یان دۆڵی باڵەکیان بەنیازە شوو بەباوکم بکات، ئەو هەواڵە دڵتەزێنە بۆدایکم وایکرد ئەو رۆژە شپرزەو شێت بێت، هەواڵگرەکەش هەر دۆستی باوکم بوو، پێکەوە لەو شاخانە پۆلیسی سواری بوون، درەنگتر زانیم کە دەرکەوتنی پووریشم بۆ ئەوە بووە کە وەک کچی گەورەی دایکم دەربکەوێت، هەڵبەتە ئەم ڕووداوە بەر لەوکاتە بوو کە باوکم ئێمە ببات بۆ ڕواندز. وا هەست دەکەم هەر ئەو ترسەی دایکم بوو منی ترساند و دیسانەوە وەرزی دڵەڕاوکێ و غەمگینی و گریانی ئەم بوو، هەر ئەو ترسەش وایکرد کە بەماڵو حاڵەوە بچینە ڕواندز. ئەوەی کە یادم بێت لەپاڵ ئەو ترسە کە من لەهەموو لایەنێکەوە دەرکم نەدەکرد، ترسی گەورەی یەکەمجاری من بوو لەبەردەم چاوی کامێرایەکی چەسپاو بەسەر سێ پایەکەوە، خۆ سەغڵەتکردنی فۆتۆگرافەرەکە بوو کە جارناجار سەرو کەللەی لەمن وندەبوو ئەو کاتەی عەبا ڕەشەکەی بەسەر سەری خۆیدا دەداو تەواو لەمن بزر دەبوو. چەندینجار سەری لەناو عەبا ڕەشەکەوە دەردەهێناو دەهاتە لام و جارێک دڵڕەقانەو جارێک میهرەبانانە سەرو کەللەمی دەخستە ناو هەردوو لەپی گەورۆنەی بەو نیازەی قیت و قۆز بوەستم و ڕێک و ڕاست سەیری چاوی کامێرا بکەم، کەچی من لاونیو لەچاوی کامێرام دەرو▯انی، جارێک بەلای ڕاستدا ڕووم وەردەگێڕا، دایکم تەواوێک سەغڵەت بوو، لەنێوان هەڕەشەو میهری زۆریدا گەڕەکی بوو ڕێک بوەستم، فۆتۆگرافەر شێت بوو بەدەستمەوە، من نەمدەزانی ئەوەیان وێنەگرتنە، هەر بۆیە زەندەقم چووبوو، دوا جار فۆتۆگرافەر قایلی کردم بەوەی کە ئەگەر ڕێک بوەستم و لەچاوی کامێرا بڕوانم چۆلەکەیەک لەوێوە هەڵدەفڕێتو ڕووەو باوەشی من دێت، زۆری ویست تا ئەو ڕەسمەمان گیرا، هەموو جارێک کە بەیەکەوە لەگەڵ دایکم سەیری ئەو ڕەسمەمان دەکرد، دایکە وردو درشتی ئەو ڕۆژگارەی بۆ دەگێڕامەوە، بەڵام تا کوێ ڕاستبوو کە باوکم گیرۆدەی ئافرەتێکی دیکە بوو بێت، یان ئافرەتێکی ڕەوەند توانیبێتی فریوی بدات جێگەی گومان و پرسیاری هەموو لایەک بوو، دواتر کە گەورەتر بووم نازانم بۆ گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە سەبارەت بەباوکم و پەیوەندی قاچاخی لەتەک ئافرەتێکی دیکە بەگوێرەی خوێندنەوەم بۆ ئەو پیاوە، پەیوەندیەکی لەم جۆرە لەمەحاڵ دەچوو، لەو ڕووەوە خامۆش بوو، گەرچی وەک هەر پیاوێکی

**مەرگ.. چواردەوری گرتبووم.. گەمەیەکی ناشیرینو چاوشارکێی لەگەڵ دەکردم.. وەک هەمیشە دایکم بۆ مەرگو کارەساتەکان زاری پڕ لەحیکمەت بوو.. بڕوبیانووی بۆ دەهێنامەوە، گەرچی من چکۆلەو لە چاوی دایکم کەللەپووت بووم، بەڵام بۆ من مەرگی هاوەڵەکانم بەو تەمەنە ناسکەوە هیچ حیکمەتێکی تێدا نەبوو..**

کوردو ڕۆژهەڵاتی چاوبگێڕ بوو، بۆ هەر ئافرەتێکیش کە سەیری بکردایە، چ خزم و چ بیگانە ڕستەیەکی قورسی هەبوو، زۆر شانازی بەوەوە دەکرد کە ژنی چاک و خراپ لەدوورەوە دەناسێت، دەیوت هەر بەڕۆیشتنی هەر خانمێکەوە دیارە چ کەسێکە، بیرمە بەدەم دۆمینە کردنەوە لەگەڵ پیاوەکانی دیکە لەپاژنەی ژنەکان و کچەکانی ورد دەبوونەوە، بەتایبەتی کە لەگەڕماوەکانی ناو بازاڕەوە دەگەڕانەوە، هەمیشە باوکم یان پیاوێکی دیکە ڕازێکی دەدرکاند کە دەبوو بەمایەی لاقرتێ و سوور هەڵگەڕان، ئەوەندە شەیداو عاشقانە لەو پاژنە خڕو پاک و سوور هەڵگەڕاوانەیان دەڕوانی و وەها وەسفی ئەو تۆپە گۆشتەیان دەکرد کە باڵق بووم منیش سایلی ئەوان سەیرم دەکرد، ئاخر پاژنە کە لەهەولێر پێی دەڵێن (قونپانی) تاکە پارچە گۆشتێک بوو کە لەژێر سیپاڵی باڵا پۆشو عەباوە دەربکەوێت، ئەو ڕۆژگارە بەدەگمەن ئافرەتی بێ پەچەو عەبات دەبینی، ئەوەندەی لەیادم بێت ژنە کرمانج و دەشتیەکانی دەورو بەری هەولێر کە بۆ چارەسەری دەردو دوو

**تا قۆناغی هەرزەکاریش لەهەر شوێنێکدا ڕەوە منداڵێکم بدیبایە، بەپێچو دەوران خۆم دەدزییەوەو ڕێم دەگۆڕی، گەڕەکی قۆناغی مێرد منداڵیو هەرزەکاریم (کوران) بوو.. لەوێندەریش کەمو زۆر دوورە پەرێزو ماران گەستە بووم، بیرمە لەگەڵ گەڕەکی (مەحەتە) و (ئازادی) و دەوروبەر کوڕانی گەڕەک بەشەڕ دەهاتن، من لەدوورەوە..**

دەهاتنە هەولێر، یان ماست و پەنیر فرۆشتن و بەهارانیش کنگرو تۆڵەکەو کاردوو.. بەگشتی گیاو گوڵی بەهاریان دەهانی.. ئەو ژنە بەتەمەن و بگرە پیرانە بێ پەچە دەبیندران، هەرچەندە لەتەک ژنە ڕەوەندەکاندا ڕووخساری شیرین و شەرمنی خۆیان بەچارۆگەو چوارشێو دەشاردەوە، وا هەستدەکەم کەلتوری ئاینپەروەریی (عوسمانلی) کە بڕوای بە(حەرەم سەرا) و شاردنەوەو پەردە پۆشکردنی ئافرەتو تەقەت کردنیان دەنێو ماڵەکاندا کاریگەری خۆی کردۆتە سەرکچان و ژنانی دەشتی هەولێریش، جا ئەوانەی جاروبار دەهاتنە هەولێرێ و چ ئەوانەشی لەتەک مێردەکانیاندا بەماڵو حاڵەوە لەهەولێر نیشتەجێبوون کە دیارە لەقۆناغو سەردەمی جیاوازدا بۆ ژیانو گوزەرانو گۆڕینی پیشەو کەسابەت دەهاتنە هەولێر، کاریگەرییەکەش لەوەدابوو کە ئەو ژنە کرمانجانەش سایلی ژنە تورکمانەکان وای لێهات عەباو پەچە یان پەچە بکەن بەبەشێک لەنەریتی هەمیشەیی خۆیان، دەنا وەکیتر لەنێو گوندەکاندا هیچ خانمێک پێویستی بەعەباو پەچە نەبووە.

باوکەڕۆ.. کە ڕۆژگارێکی سەیرو پڕخەم و فانتازیا بوو.. من لەیادمە لەگەڕەکی (گڵکەندێ) هەر هەمووان بەحاڵ نان و بژێوی خۆیان پەیدا دەکرد، ژمارەیەکی زۆر ژن و پیاو و منداڵم بینی بەنەخۆشی سیلو وەرەم مردن، منداڵەکان پتر بەکۆکەڕەشە دەمردن، من چەندین مانگ کۆکەڕەشە بەری نەدام، هەر لەو تەمەنە ساوایەدا، بەر لەچوونم بۆ قوتابخانە، (ئەمین) ی هاوڕێم بەکۆکەڕەشە مرد، تاکە شتێک کە لەیادم مابێت دەنگە خۆشەکەی بوو کە بەکوردی و بەتورکی گۆرانی بەتامی دەچڕی، هەمیشە داوام لێدەکرد قۆریاتم بۆ بڵێ، هەرگیز دڵی نەدەشکاندم، کە کۆکەڕەشەی گرت ئیدی لەبری گۆرانیو قۆریات وەک کەڵەشێری دانکە گرتوو بەدەم قرغە قرغی کۆکەڕەشەوە دەخنکاو پێکەوە هەر دەکۆکین، دەرمان نەما نەیخۆین، چی هی دختۆرەکان و چی هی پیرەژنەکان، وای لێهات لەماڵەوە بکەوێتو چیتر لەتەک باوکیدا نەچێت بۆ کوورەکانی خشت دروستکردن، کت و پڕ ڕۆژێک مرد.. کۆکەڕەشە خنکاندیو من تەنیاو غەمگین مامەوە، ئاخر ئەو تاکە منداڵێکی هێمن، و شەرمن بوو وەک خۆم، من ئەو ڕۆژگارە زۆر دەترسام و شەرمم دەکرد، شەرم و ترس ساڵانێکی زۆر، دەتوانم بڵێم تا بووم بەمامۆستا لەسلێمانی، ڕۆحی دەرهێنامو کوشتمی، پتر لەوەش دەترسام کە وەک (ئەمین) بمرمو بخنکێم، چونکە جگە لە (ئەمین) چەندین منداڵی دیکەی کوشت، وا بزانم لەپاڵ مەرگی ترسناکی (پەروین) بەدەستی باوکم و مەرگی (نەسرین) بەکۆکەڕەشە لەنێو ماڵەکەی خۆماندا، مەرگی ئەو کورێژگە دەنگ خۆشە ئەزموونێکی تاڵ و ڕۆح پروکێن بوو، لەناکاو ئێوارە یەک چیتر نایەتە دەرێ و پێکەوە لەنێو خۆڵەپۆکی کۆڵانو ئاوی پیسو چڵپاوی دەرهاتووی ماڵەکان کە هەرهەمووی دەرژایەوە ناو جۆگەلەیەکی ڕەش کە وەک مارێکی ئەستوور، بە پێچو لوول، کۆڵانی دەکرد بەدووکەرتەوە، ئیدی هەرگیزاو هەرگیز کایەی تیدا ناکەین.. چیتر پووشکەبەقینگە (تەیارۆکە) بەدیوارەکانەوە ڕاو ناکەین.. تەواو نەسەداو ئاوازی قۆریات و نەقرغە قرغی خنکاوی کۆکەڕەشە، کوڕێژگەیەک وەک خۆم مرد.. وام هەست دەکرد نۆرەی منە.. ئێوارەیەک.. تاریکی هێدی هێدی ڕۆحی من و ئەو کۆڵانە تەنگەبەرەی داپۆشی. کەس.. هیچ کەس منی نەدەبینی کە کەوتمە دوای پیاوو ژنەکانی گەڕەک.. بەرێچکە رکەکانی (گڵکەند) دا سەرکەوتین، هەتا دایکیشم منی نەبینی کە بەهەنگاوی وردو ترسنۆکەوە کەوتبوومە دوای ماتەمگێڕان.. لەهەمووی کارەساتترو ناخۆشتر ئەوەیە لەکەلتوری ئێمەدا هەرگیز ئاوڕ لەگریان و خەمی منداڵ نادرێتەوە، منداڵەکان چۆن دەنێو شایی و ئاهەنگەکاندا وەکو سەگو پشیلە دەکەونە بن دەستو پێی گەورەکان، هەر بەهەمان شێوە دەنێو پرسەی ماتەمگێڕاندا، دەنێو شین و شەپۆڕی گەورەکاندا، هاوارو ناڵەو دادو فیغاندا، هەمیشە تەنیاو غەمگین و ئافەرۆزو فەرامۆشکراون، هیچ دڵڕەقییەک لەدونیادا ناگاتە ئەوەی کەوا بزانیت گریان و خەم و ترس و شکان شەرمی منداڵ وەک هی گەورەکان، دایک و باوکان، لەساتەوەختی مەرگ و کۆی کارەساتە جەرگبڕەکان، گەورەو گران و ڕۆح کوژ نییە، لەو ئێوارەیەدا.. سەروەختی گیانەڵاو مەرگی (ئەمین)ی هاوزام.. شۆردن و پاشان کفن پۆشکردنیو بینینی لاشە چکۆلەکەی کە خرایە ناو دارەبازە.. هاوارو قیژەو قریشکەی ژنەکانو کچەکان دەنێو حەوشەکەو کۆڵانو لەو گەڕەکە زۆر هەژارو لەبرسا مردووەدا. دەنێو ئەو هەراو ئاپۆڕەی پرسەدارو پیاوە مۆن و سەنگینو غەمگینانەدا لەپشیلەیەکی ترسنۆک و بریندار دەچووم کە تێنەگات لەئێوارەیەکی وا کوژراودا چی بکات باشە، تا گۆڕستانی (شێخ محەمەدی خوراسان) دزاو دز کەوتمە دوای تەرمی ئەمین، چریکە خۆشەکەی تێکەڵ بەکۆکەڕەشەی خنکاو تا هەنووکە لەگوێمدا دەزرنگێتەوە، تەنیا .. تەنیا.. لەوێندەرێ لەچاڵێکدا.. قوڵتر لەبەژنی من بەجێمانهێشت.. خودا هاوار.. شەو داهات و.. بەزۆر دایکیان لەسەر ئەوخۆڵ و وردە بەردە شێدارەی سەر گۆڕەکە بەرزکردەوە، کە توند باوەشی پێدا دەکردو جگە لەگڵکۆ هیچ نەدەکەوتە ناو ئامێزی سووتاوی.. دواجار هەر هەمووان بەهەنگاوی مردووانە وەک ئەوەی بترسێن یان شەرم بکەن داخزانەوە خوارێ بۆ ناو (گڵکەند) کە هەموو ساڵ، زستانان، دەبوو بەزەلکاوو تا بەهارێکی درەنگ ئەو زۆنگاوە دەنێو دڵی دارزاوی ئەو گەڕەکە دەمایەوە، ساڵ نەبوو دارژانی لافاوی شار بۆ ناو ئەو گەڕەکە نەفرەت لێکراوە، پڕ لە سیلو وەرەمو کۆکەڕەشەو سەدەها دەردو دووکە من ئەو ڕۆژگارە ناویانم نەدەزانی، چەند کەسێک نەخنکێنێت.. چەندە سەیرە کە گەڕاینەوە.. نەموێرا ئاوڕ بدەمەوە.. پێم ترسناک بوو لەوێدا، بەو شەوە تاریکە، (ئەمین)مان بەجێهێشت، دایکم دیسانەوە کە زانی ترس لێناگەڕێت بنووم، هەقایەتی بە (بولبول) بوونی ئەمینی بۆ کردم کە تا ماوە لەبەهەشتی خودا بۆ بەهەشتیەکانی دیکە دەچریکێنێت، لەدڵی خۆمداو بەترسەوە دەموت: بەمن چی..؟ ئاخر بۆ من چریکەی ئەمین لەنێو ئەو کۆڵانە تەنگەبەرو خنکاوو خامۆشەداو دەنێو ئەو گەڕەکە زەلکاو - جەهەننەمەدا ئاوازێک بوو خەمڕەوێن..

ئاخر خودا هەر ڕۆژەو سەدەها منداڵی دەبردەوە کن خۆی، دەیکرد بە (پەپوولەو بولبولو پەری) یە چکۆلەکانی ناو بەهەشتی بەرینی خۆی: پەروینو نەسرینو ئەمینو بەهرامو خونچەو.. دەیەهای دیکە کە من ناویانم دەزانیو دەیەهای دیکە کە نەمدەناسین.. نەمدەوێرا بەدایکم بڵێم: هۆ.. دا.. هەق بوو خودا ئەمین نەباتەوە کنە خۆی!!

مەرگی منداڵەکان، بەکچ کوڕەوە، وەک پشیلەیەک، پشیلەیەکی بریندار، کە بکەوێتە ناو بیرێکی قووڵو پڕ ئاوو تاوێک سەرئاو بکەوێتو تاوێک بخنکێت تەواو شێتو شپرزەی کردبووم، مەرگ.. مەرگ.. چواردەوری گرتبووم.. گەمەیەکی ناشیرینی لەگەڵ دەکردم.. چاوشارکێی لەگەڵ دەکردم.. وەک هەمیشە دایکم بۆ مەرگو کارەساتەکان زاری پڕ لەحیکمەت بوو.. بڕوبیانووی بۆ دەهێنامەوە، گەرچی من چکۆلەو لەچاوی دایکم کەللەپووت بووم، بەڵام بۆ من مەرگی هاوەڵەکانم بەو تەمەنە ناسکەوە هیچ حیکمەتێکی تێدا نەبوو.. هەرگیزاو هەرگیز تێنەدەگەیشتم بۆچی وا زوو، نەخۆشییەکی گران یا سووک، یەکە یەکەیان دەباتو دەنێو خاکو خۆڵدا دەیانچێنێت!

لەوە سەیرتر ئەوە بوو کە کۆکەڕەشە منی نەکوشت، هەمیشە کە دەچوومە ناو گۆڕستانەکەی (خوراسان) ئەو منداڵە مردووانەم بەسەر دەکردەوە، لەتەک منداڵەکانی دیکە گەمەم دەکرد، ئاخر ئەو گۆڕستانە جێنزرگەو یاریگای ئێمە بوو.. بەڵام هیچیان وەک (ئەمین) منیان تەنیا نەکرد، هیچیانم بیر نەماوە، تەنها ناوی دووانیان نەبێ کە یەکجار هارو چەتوون بوون، سادەترین بیانوو بەس بوو تێمهەڵدەن، ئەسڵەن بیانووی نەدەویست، ئەوەی کە واشی لێکردم شەڕ نەکەمو سەرم کز بکەم، یادێکی تاڵە.. لەشەڕێکدا زاتی ئەوەم کرد دەست بکەمەوەو زۆرانێ بگرم لەگەڵ یەکێک لەو چەتوونانە، چۆن کەوتو ئازاری پێگەیشتو چی قەوما نازانم.. ئەوەندەم زانی باوکم لەسیلەی کۆڵان دەرکەوت، هەردوو باڵی باریکەلەی منی لەدواوە گرتو قیرپاچەکەی دەستی دا بەو کوڕێژگەیە تاوەکو دارکاریم بکات، قەیرێکو پاش لێدانی ئەو بێژمۆتە هارە، باوکیشیم چاوەکانمی



دەدزییەوەو ڕێم دەگۆڕی، گەڕەکی قۆناغی مێرد منداڵیو هەرزەکاریم (کوران) بوو.. لەوێندەریش کەمو زۆر دوورە پەرێزو ماران گەستە بووم، بیرمە لەگەڵ گەڕەکی (مەحەتە) و (ئازادی) و دەوروبەر کوڕانی گەڕەک بەشەڕ دەهاتن، من لەدوورەوە.. لەپشتەوە سەیرم دەکرد.. هەمیشە هەوڵمدەدا بەهەزار درۆو فڕوفێڵ خۆم بدزمەوە.. ئاسان نەبوو.. بەبێ غیرەتو حیزەڵە لەقەڵەمت بدەن، دیسانەوە منی کەللەپووتو ترسنۆک دەمویست کوڕانی گەڕەک لەو شەڕە گەڕەکانە سارد بکەمەوەو پێیان بڵێم: ئەم سەرشکاندنو گوێ بریندارکردنەو شەڕە خوێناوییە چ مانایەکی هەیە. بەڵام نەمدەوێرا، لەناوەوە را دوو دۆخ دەژیام: یەکەمیان ئەوە بوو کە

من وەک ئەوان ئازا نیمو ناتوانم بە بەردەقانی/ قۆچەقانی کوڕانی گەڕەکی دوژمنان هەراسان بکەم، دووەمیان بەحوکمی ئەوەی قورئان خوێن بوومو هەر زوو وەک پیرەمێردەکان خۆم لەناو خودا ناسیدا نقوم کردبوو، هەمیشە ناو پستێرم تەڕبوو، پێم شەرم بوو لەو شەڕانە بەشداربم، تازە بەتازەش خووم دابووە خوێندنەوەو هەموو ئەو کتێبانەی کە لەسەر (غاندی) نوسرا بوونو سەرباری ئەوانەشی کە خۆی نووسیوونی سەر لەبەریم خوێندەوە، بەتایبەتی کتێبە قەبەکەی کە یاداشتنامەو ئەزموونی دەوڵەمەندی خۆی بوو، کە بەناوی (ئەزموونەکانم لەتەک حەقیقەتدا) بوو، ئەو کتێبە یەکێکە لەو ئینجلانەی هەموو ژیانمی گۆڕیو لەهەمووی گرانتر ژیانو ململانێو کۆڵنەدانی غاندی بوو، ئەو پیاوە وردیلەو لەڕو لاوازەی کە ئەگەر ڕەشەبایەکی توند هەڵیکردبا لەوانە بوو هەڵیبگرێتو بیبات، کەچی دوای داگیرکردنی ئینگلیز بۆ وڵاتی هیندو لەدوای سەدەها ساڵ، توانی بەریتانیا -ی مەزن ببەزێنێتو لەهیند وەدەری بنێت، ئەو پیاوە پاکو ڕۆحپەروەرە، پەروەردەی کتێبی جیتاو ڕۆحی هندۆسی، عیسایەک بوو بۆ خۆی، بڕوای بەتوندوتیژیو ڕۆحی شەڕانگێزیو دوژمنکاری نەبوو، بەو ڕۆحە ئارامو پڕ لەئاسایشەی ڕۆڵەی بەوەفای (بوودا) بوو کە بڕوای بەکوشتنی مێروولەش نەبوو، هەر ئەو پیاوە وای لەمن کرد بڕوام بەشەڕە گەڕەکو شەڕە چەقۆو پەت لەمکردنی پشیلەو سەگ نەبێ، سواری پشتی کەرە زامدارەکان نەبم. من هەنووکە کەبیرم دێتەوە سوپاسی ئەو چارەنووسە دەکەم کە (غاندی) پێ ناساندم، ، بەڵام لەوساوە تا هەنووکە وای لەمن کرد کە هەمیشە گومان لەڕەوشتو پاکیو ئینسانبوونی خۆم بکەمو خودی گەمەو هەوڵی نووسینو کارکردنو زیندەگی کردن هەر هەمووی خەمو تەقەللایەکە بۆئەوەی ببم بەمرۆڤ.. ئاخۆ دەبم.. بووم.؟ نازانم.. غاندی مامۆستای یەکەمم بوو کە تا هەنووکە وای لێکردووم گومان لەئینسانبوونی خۆم بکەم. ئەو پیاوەی کە بەسادەترین دەزگای جۆلاییو شیری بزنەکەی توانی دەستبەرداری هەموو خۆشیو لەزەتەکانی دونیا بێت، ئەو زاتە وەک عیسا خوێنی خۆی بەخشی بەو خەڵکانەی خۆی.. ئەوێک کە بڕوای وابوو هەزار ڕێگا هەیە بۆ گەیشتن بەخوداو حەقیقەت، کەچی ڕقی مەزهەبگەرایی موسڵمانەکانو هیندۆسەکان کوشتی. کە لەم ڕۆژگارە زۆر ناشیرینەی دەستەڵاتدارانی کورد دەژینو بیر لە (غاندی) دەکەمەوەو شەرمێکی زۆر گەورە دامدەگرێت کە بۆچی هیچ کام لەو خوداو ئاغایانەی سیاسەتی کوردی بەهەموو تەمەنیان نەیانتوانی ڕۆژێکی (غاندی) ئاسا بژین.. بەتایبەتی لەدوای دانیشتن لەسەر عەرشی دەستەڵات. چ سەردەمێکی ناشیرینە.. بێ ئەندازە ناشیرینە..!

لەسەرەتای ئەو پەرەگرافە درێژەی پێشوتردا وتم کەدونیاو زیندەگی ئێمە هەم غەمگینو پڕ دەردو مەرگ بوو، بەڵام جوانیش بوو، بیرمە لە (کوران) بووین، خەڵکی لەو ڕۆژگارەدا کوێرانە متمانەیان بەیەکدی هەبوو، ڕاستە شەڕو گێچەڵی دەرو دراوسێشی تێدەکەوت، بەڵام جەژنان یاخود بێ چاوەڕوانی تاوەکو جەژن بێت لەیەکدی خۆش دەبوونو گەردن ئازادییان لەیەکدی دەخواست. ■